# پەندی کوردی

## شوناسی نەتەوەیی

زامدار ئەحمەد

پێشەکی و پێداچوونەوە :
دوکتۆر کەیفی ئەحمەد





# PENDÎ KURDÎ

## ŞUNASÎ NETEWEYÎ

ZAMDAR EHMED

بەرگ: ئیبراهیم ساڵح

زامدار ئەحمەد

# پەندی کوردی
# "شوناسی نەتەوەیی"

٢٠٢١

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: پەندی کوردی.. شوناسی نەتەوەیی

ئامادەکردن و کۆکردنەوە: زامدار ئەحمەد

پێشەکی و پێداچوونەوە: دکتۆر کەیفی ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ: ئیبراهیم سالّح

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ٢٠٢١

شوێنی چاپ: ناوەندی بڵاوکراوەی سارا، سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٤)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.

سپاس بۆ هاوڕێی ئازیز و دڵسۆز، دوکتۆر کەیفی
ئەحمەد، کە ئەرکی پێداچوونەوە و نووسینی
پێشەکی لە ئەستۆ گرت.. سپاس، بۆ خاتوونی
هێژا و خەمخۆر، مەهاباد حەسەن، کە بووە
هەوێنی لە دایک بوونی ئەم کتێبۆکە.

# پێڕست


| | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٧ |
| | وتەیەک | ١٨ |
| | پەندی ڕستەی واتادارە | |
| | پیتی (ئـ) | ٢٣ |
| | پیتی (ب) | ٣٠ |
| | پیتی (پ) | ٣٨ |
| | پیتی (ت) | ٤١ |
| | پیتی (ج) | ٤٣ |
| | پیتی (چ) | ٤٤ |
| | پیتی (ح) | ٤٦ |
| | پیتی (خ) | ٤٧ |
| | پیتی (د) | ٥٠ |
| | پیتی (ڕ) | ٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | پیتی (ز) | ٥٧ |
| | پیتی (ژ) | ٥٩ |
| | پیتی (س) | ٦٢ |
| | پیتی (ش) | ٦٥ |
| | پیتی (ق) | ٦٦ |
| | پیتی (ک) | ٦٨ |
| | پیتی (گ) | ٧١ |
| | پیتی (ل) | ٧٣ |
| | پیتی (م) | ٧٥ |
| | پیتی (ن) | ٧٨ |
| | پیتی (هـ) | ٨١ |
| | پیتی (و، ع، ف) | ٨٦ |
| | پەندی دێڕە شیعریی | |
| | پیتی (ئـ) | ٨٨ |
| | پیتی (ب، پ) | ٩٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | پیتی (چ، ح، خ، ع) | ٩٢ |
| | پیتی (د، ڕ، ژ) | ٩٣ |
| | پیتی (س،ش) | ٩٥ |
| | پیتی (ق، ک، گ) | ٩٧ |
| | پیتی (ل) | ٩٩ |
| | پیتی (م) | ١٠١ |
| | پیتی (ن) | ١٠٣ |
| | پیتی (هـ) | ١٠٤ |
| | پیتی (و) | ١٠٥ |

## پێشەکی

پەندی پێشینان: بریتییە لە کۆمەڵێک وشە و زاراوە یان رستەیەکی کورت و پوخت، کە بەشێوەیەکی جوان و سادە و ساکار لەرووی زمانەوە رێکخراون و دراونەتە پاڵیەک، بەڵام لەرووی واتا و ناوەرۆکەوە، واتایەکی زۆر و بەرفراوانیان هەیە، بەشێوەیەک پێویستی بەشیکردنەوە و لێکدانەوەی کەسانی ژیر و رۆشنبیر هەیە، هەشیانە سادە و ساکارە و زۆربەی خەڵکی لە واتاکەی دەگات، بەڵام هەموویان لەرووی واتاوە دەوڵەمەندن، پەندی پێشینان شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری، بریتییە لە بیرو رێگای بیرکردنەوە لە یەک کاتدا، بیرە، لەبەرئەوەی پوختەی بەری رەنج و ئەزموونێکمان دەداتێ، کە کۆمەڵێک مرۆڤ تێیدا ژیاون، هەروەها رێگایەکی بیرکردنەوەشە، چونکە تێڕوانینی کەسانێکمان دەخاتە بەردەست و بۆمان روون دەکاتەوە, کە کۆمەڵێک مرۆڤ پێیدا تێپەڕیون و تاقییانکردۆتەوە، لایەنی چاکە و خراپە و ئەنجامەکەی رادەگەیەنێت. گرنگی پەندی پێشینان هەر تەنها لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی گرنگ نییە، چونکە تەنها ئاوڕی لەو لایەنە نەداوەتەوە، بەڵکو ئاوڕی لە بوارەکانی رامیاری و ئابوری و ئاینیش داوەتەوە و باسی لێوەکردوون. بۆ نموونە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا گرنگی پێداوە و لە زۆر

شویندا ئاماژەی پێکردوون, جا ئەگەر هەڵوەستە لەسەر لایەنە ئاینیەکە بکەین، بەتایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بە جوانی ئەمەمان بۆ روون دەبێتەوە، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا لەچەند ئایەتێکدا بەمجۆرە ئاماژەی بۆ ئەو بوارە کردووە. هەروەک دەفەرموێت ((وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ))(سورة الزمر, آية ٢٧) هەروەها دەفەرموێت ((وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ)) (سورة ابراهيم, آية ٢٥), لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت ((إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي أَنْ يَضْرِبَ مَثَلًا مَا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا)) (سورة البقره, آية ٢٦), لەو ئایەتە پیرۆزانەی قورئاندا بە روون و ئاشکرا دیارە, کە دەرس و پەند وەرگرتن لە رووداو و کارەساتی رابردوو چەندە گرنگە, مرۆڤ نابێ دووبارەیان بکاتەوە, بەڵکو دەبێت دەرسیان لێوەربگرێت، هەر بۆیەشە خودای کاربەجێ ئەو پەندانەی بۆ مرۆڤەکان هێناون و باسیکردوون، هەتا دەرس لە هەڵە و نەزانینەکانی گەل و نەتەوەکانی رابردوو وەربگرن و بۆیان ببێت بە ئامۆژگاری پەندو عیبرەت وەرگرتن، لەهەمان کاتدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاریگەری زۆری لەسەر ئەدەب و کلتووری نەتەوە موسڵمانەکان و لەناویشیاندا نەتەوەی کورد هەبووە، لەناو جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریشدا، پەندی پێشینان، کە هەندێکیان لەروانگەی هەندێ ئایەتی قورئانی

پیرۆز گوتراون و پێی کاریگەربوونە، بۆ نموونە ئەو پەندەی کە دەڵێت: (دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە)، ئەو پەندە بەتەواوی ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز, کە دەفەرموێت ((وَأَن لَّيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى)) (سورة النجم، آية ٣٩) ، واتە ئادەمیزاد بە هەوڵ نەبێت بەرهەمی چنگ ناکەوێت یان ئەو پەندەی کەدەڵێت: (کە وتی تیژ تیژ), ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز، کە دەفەرموێت ((إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ)) (سورة يس, آية ٨٢), مرۆڤی کورد خاوەنی تێڕوانین و فەلسەفەی تایبەت بەخۆی بووە، ئەو فەلسەفەیەشی لەسەر بنەمای زۆر پتە و بنیاتناوە، کورد نەتەوەیەکی ژیان دۆست و مرۆڤ دۆست بووە، دەزانێت و زانیویەتی کە ژیان چەندە گرنگە, بۆیە ئەو مافەی بەخۆی و خەڵکی دی بەڕەوا بینیوە, کە ئەو ماوەیەی لە دنیادایە بێ گێرە و کێشە بژیێت، خەڵکی دیکەش بەهەمان شێوە ئەو مافەی هەیە، هەر بۆیە پەندە کوردییەکان پڕیانە لە ڕوانینی فەلسەفیی نەتەوەی کورد بۆ ژیان، ئێمە لەمیانەی پەندەکاندا حیکمەتی ژیانمان بۆمان دەردەکەوێت، کە نەتەوەی کورد بە چ شێوەیەک لە مەسەلە گرنگەکانی پێوەندیدار بە ژیانەوە ورد بووەتەوە، ئەمەش هەموو بەشەکانی دیکەی کەلەپوور دەگرێتەوە، کە پەندەکانیش

بەشێکن لەو کەلەپوورە، چونکە ئەگەر کەلەپوور و فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی ئەزموون و ئاوێنەی ژیانی میللەت بێ، بێگومان پەندی پێشینانیش، کە ئەدەبێکی فۆلکلۆرییە، فەلسەفە و تێڕوانین و هۆشمەندی میللەت بە ڕستەیەکی کورتی پڕ واتا دەخاتەروو, پەندی پێشینان پەیوەستە و پەیوەندی بە ڕووداوێکی دیاریکراوەوە هەیە، لەوانەشە ئەو ڕووداوە ڕاستەقینە بێت و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی دابێت، لەوانەشە ڕووداوەکە لە داهێنانی هەقایەتخوان و گێڕەرەوەکان بێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە, کە ئەو پەندانە بوونەتە جێگای بایەخدان و ڕەزامەندی هەموو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، نەوە دوا نەوە ئەو بایەخدانە زیاتر دەبێت، ئەمەش زیاتر بەهۆی لایەنە واقیعیەکەیەتی، کە گوزارشت لە ژیانی ئێستای خەڵکەکە دەکات، نەتەوەی کوردیش خاوەنی سامانێکی گەورەی پەندی پیشینانی خۆیەتی، کە سیمای خۆماڵی و ڕەسەنایەتییان پێوەدیارە، چونکە پەندە کوردییەکان هەڵقوڵاوی واقیعی ژیان و گوزەرانی تاک و کۆمەڵگەیە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەمان بۆ دەخاتەروو، پەندەکان هێندە کاریگەرییان هەیە، بەجۆرێک لەنێو هەموو تەمەن و چینە جیاوازەکان و پیشە جۆراوجۆر و ڕەگەزە جیاوازەکاندا بڵاوبوونەتەوە، وەکو

ڕۆشـــنبیرییەکی گشـــتی لەنێوکۆمەڵـــدا ســـەیردەکرێن، ئـــەو کەسانەی کە لەنێو قسە و گەنگەشەکانیاندا پەندی شیاو و لـەجێگا و کـاتی خۆیـدا بـەکاردێنن، بـە کەسـانی ڕۆشـنبیر دادەنـرێن، هـەر بۆیەیـە کـە ئـەو سامانە نەتەوەییـە وەکـو بەشێکی زۆر پڕ لە بەها و بە نرخی ئەدەبی فۆلکلۆری گەل دادەنریـــت، کـــە لـــە ئـــەنجامی بەســـەرهاتی کاریگـــەر و تاقیکردنـەوەی پیـر و پێشـینانەوە گـوتراون و کەوتوونەتـە سەر زمانی هەموو تەمەنەکان و تا ڕادەیەک بوون بە یاسا و دەســتور و پــەیڕەوی ژیــانی کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و سیاســـی و دینـــی, هـــەر بۆیـــە بـــە بەشـــیکی دانـــەبراوی ڕۆشنبیریی ڕۆڵـەکانی کۆمـەڵ دادەنـرین, دیارە بـەر لـەوەی کـە مـرۆڤ بگاتـە پلـەی پێگەیشـتن لـە ڕووی ڕۆشـنبیری یاسـایی و شارسـتانییەتەوە، بەشـێوەیەک ژیـاوە کـە بـەپێی میزاجی کەسیی کار و بارەکانی ڕێکخستووە، بەبێ ئەوەی هـیچ دام و دەزگایـەکی یاسـادانان و حـوکمڕانی هـەبێت، بـەڵام دوای ئـەوەی گەیشـتە ئاسـتی پێگەیشـتن، هـەر ئـەو کەسانەی کەخاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بـەرز و شـارەزاییان لـە بوارە جیاوازەکاندا هەبووە، هەستاون بە دانانی بەرنامەیەک بۆئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، رامیاری، ئابووری و حوکمڕانی بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک بـەڕێوەبچێت، ئـەو بەرنامانەشـی بەشیوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوە دانەناون، بەڵکو سوودی

له ئەزموون و کاروبار و ژیانی ڕۆژانی ڕابردووی کۆمەڵ وەرگرتووە و کردوونی بە بنەمای ئەو بەرنامەی ژیانەی تێیدا گوزەرانیان کردووە، بەم شێوەیە پەندی پێشینان لە سەردەمانێکی زۆر کۆن و لەپێش دانانی یاسا و دەستوور لەناو کۆمەڵگەی میللەتاندا وەک بەندی یاسا کاریان پێکراوە و لە دواییدا بوونەتە بە بەندی دەستوور و یاسای میللەتان و هەیکەلی دەستووری حوکمڕانی خۆیان لەسەر هەڵبەستووەو پەیڕەویان کردووە، واتە لە شارستانیەتە کۆنەکان و پێشکەوتوەکاندا، وەکو فەلسەفەیەکی پیرۆز، کە شایانی ڕێکخستنی ژیان بێت، سەیری پەندەکان کراوە، یۆنانی و ئینگلیزەکان لەو گەلە پێشکەوتوو و خاوەن شارستانی و مەدەنیانەن, کە پەندەکانیان وەک بەندی یاسایی سەیر کردووەو لەنێو دەزگا یاساییەکاندا پەیڕەویان کردووەو کردوویانن بە بنەمای بەندە یاساییەکان، بۆیە پەندەکان وەکو فێرگە سەیردەکرین، کە چاوی خەڵکی بەرووی ژیاندا دەکەنەوە و لەو تاریکی و نەزانینەی کە تێیکەوتوون لە سەردەمە کۆن و تازەکاندا ڕزگاریان دەکات و دەبنە ڕێنیشاندەر و پێشەوایان بۆ ژیانێکی گونجاوتر، بەشێوەیەک دەتوانن بەرپێی خۆیان ببینن و تووشی هەڵە نەبن، چونکە پەندەکان وەکو فیرگەیەکی ڕەسەنی ئێجگار بەرزن بۆ ئێمەو هەموو نەوە و جیلەکانی داهاتوومان،

دەکرێ وەک چرایەک بیانگرین بە دەستەوە و تاریکایی ڕێگەی ژیانی خۆمانی پێ ڕۆشن بکەینەوە، لە هەموو لایەنەکانی ژیانی (ئایینی، رامیاری و ئابووری، دارایی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، جەنگ و ئاشتی، بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی، ئاژەڵداری، فەرهەنگ و زانست و زانیاری، پەروەردە و پێگەیاندن و...هتد), سوودیان لێ وەربگرین، پەندەکان لە پێش هەموو بابەتەکانی دیکەی فۆلکلۆری کەوتنە سەر ڕووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکان و لەلایەن نووسەرانەوە گرنگییان پێدراوە، ئەمەش سەرەتایەک بووە, کە ئەدەبی فۆلکلۆر بەرەو ئەدەبی نووسراو چووە، لەبەر ئەوەی پەندەکان خەسڵەتێکی دیکەشیان هەبوو، کە زۆربەیان بەشێوەی پەخشانن, ئەمەش بۆ لایەنی ڕۆژنامەوانی گونجاو بووە, کە لەنێو بابەتەکانیاندا بەکاریانهێناون و شیکردنەوەیان بۆ کردوون، کەواتە پەندی پێشینان نموونەیەکی پەخشانە، لەهەمان کاتدا رەسەنی و پاکی و رەوانی زمانەکە لە گۆشەی خۆیەوە دەپارێزێت.

لەنێو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریدا (قسەی نەستەق)مان بەر چاو و گوێ دەکەوێت هەرچەندە جیاوازییان لەگەڵ پەندەکاندا هەیە، بەڵام زۆر کەسیش بە هەڵە و بێئاگاییەوە تێکەڵ بە یەکدییان دەکات، ئێمە لەپێشەوە بە درێژی

باسی پەندەکانمان کرد، (قسەی نەستەق)یش وەکو بەشێک لەنێو کلتووری نەتەوەکاندا خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئەم قسانە سنوور دەبەزێنن و تایبەت نابن بە گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو وتەیە شتێکی ڕێک و جوان بێت، ئەوا خاوەنەکەی گرنگ نییە سەر بە چ ڕەگەز و نەتەوەیەکە، بێ ئەوەی خەڵکی لەسەرچاوەکەی بپرسێ دەکەوێتە سەر زاری تاکەکان و بەکاری دەهێنن لە هەڵوێستە گونجاو تایبەتییەکاندا، کەواتە ئەم قسانە خاوەنیان هەیە و ناسنامەکەشی ناسراوە, کەواتە قسەی نەستەق بریتییە لە ئاخاوتنێکی خەست و خۆڵ و چڕی مانادار, کە دەدرێتە پاڵ کەسێک، نووسەرێک یان کەسێکی زانا و وشیار و ناودار، شێوەی پەندی هەیە و لەپەند دەچێت، بەڵام وەکو ئەویش نییە، نووسەر یان هەر کەسێک تەواوی بیری خۆی لە رستەیەک کۆدەکاتەوە بە چەشنێک وەک ئاوێنە ئەو بیرەی هەڵیگرتووە تێیدا رەنگبداتەوە، دەکرێ وەکو کلتورێکی گەلان سەیری قسەی نەستەق بکەین، بەڵام بەڕای ئێمە ناچێتە ناو چوارچێوەی کەلەپوور و فۆلکلۆرەوە, لەبەر ئەوەی زۆربەی خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو بوارەی لەسەر جێبەجێ نابێت، یەکێک لەوانە کە خەسڵەتێکی گرنگی کەلەپوورە ئەوەیە, کە خاوەنی دیار نییە، بەڵام ئەوان خاوەنیان دیارە،

سەردەمەکەشی ئاشکرایە، رەنگدانەوەی بیری تاکی پیوەدیارە نەک کۆمەڵگە.

دیارە هەموو نەتەوە و میللەتانی دونیا بایەخ بە کلتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆری خۆیان دەدەن، ئەو بایەخپیدانەش لە گرنگیدان بە کۆکردنەوە و بەدواداچوون و لەسەر نووسین و لیکۆڵینەوە و چەندین ریگای دیکە ئەنجامدەدریت، بۆ ئەوەی ئەو سەرمایە نەتەوەییە لە فەوتان و لەناوچوون رزگار بکریت و بگاتە دەستی نەوەکانی داهاتوو، بیگومان ئەو کارەش بە هەموو کەسیک ئەنجامنادریت و هەموو کەسیکیش ئامادەیی ئەوەی تیدانییە ئەو ئەرکە قورس و زەحمەتە بگریتە ئەسۆ، کەواتە ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن کەسانیکی تایبەت و دەگمەنن و خاوەنی رۆحیکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆڤایەتین، بۆیە لەسەر هەموو لایەک پیویستە ریز لە ئەرک و ماندووبوون و هەوڵەکانیان بگریت و بە هەموو شیوەیەک دەستی یارمەتییان بۆ رابکیشن، هەروەها ئەو کەسانەش دەبیت بەوپەری ئاگایی و وردی و شارەزایی و زانستییەوە بە کارەکەیان هەڵبستن، بۆ ئەوەی کارەکەیان روخساریکی زانستی وەربگریت، لیرەدا گرنگی و قورسی و پیرۆزی و ماندووبوونی کۆکەرەوە و ئامادەکاری ئەم کتیبەمان بۆ دەردەکەویت، کە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری پەندە

کوردییەکان کۆبکاتەوە و لە دووتویی کتێبێکدا, بۆ ئەوەی لەفەوتان رزگاریان بکات, بۆ ئەو مەبەستەش وەک لە شێوازی دەربرینی پەندەکاندا دەردەکەوێت, شوێن و ناوچە و کەسانی جیاوازی بەتەمەن لە هەردوو رەگەزی دەستنیشانکردووە و ئەوپەند و بێژانەی لێوەرگرتوون, دیارە ئەو کارەی ئامادەکاری کتێبەکەشمان تەواو لەگەڵ بنەما زانستییەکانی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر یەکدەگرێتەوە, کە بریتییە لە دەستنیشنکردنی ئەو کەسانەی کە شیاوی ئەوەن شتەکانیان لێوەربگرێت, هەرواها تێبینی کردن و گرنگیدان بە ژیان و دیاردەکانی ئەو ناوچەیە, هەروەها ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشانە بە ئەمانەت گواستنەوەی دەربڕینەکانە وەکو خۆی, کە کەسە بەتەمەنەکان بۆیان باسکردووە, کە ئەمەش لە فۆلکلۆردا زۆر گرنگە و دەبێت کەسی کۆکەرەوە هەرگیز پشتگوێی نەخات, شتێکی دیکە ئەوەیە، کە دەبێت سەرنجەکان یەکسەر یاداشت بکرێن, ئەویش هەر بۆئەوەیە، کە شتەکان کتومت وەکو خۆی بگوازرێنەوە و دەسکاری زمان و دەربڕینەکانی نەکەیت و کەسەکە بەئارەزووی خۆی گۆرانکارییان تیدانەکات, دیارە هەموو ئەوانەش ماندووبوون و بەدواداچوونی زۆری گەرەکە, بۆیە پڕ بەدڵ دەستخۆشی و مەندونەبوون لە کۆکەرەوە و ئامادەکاری ئەم کتێبە دەکەم, کە کارێکی

گرنگ و پیرۆزی ئەنجامداوە و بەردێکی بچووکی خستۆتە سەر باڵەخانە گەورە و هەوربڕەکەی فۆلکلۆری کوردی, هەرچەندە ئەم کارەش وەکو هەموو کارێکی دیکەی ئەدەبیی و هونەریی بێ کەموکوڕیی نییە و کۆمەڵێک تێبینی و سەرنجی جددی بەددی دەکرێن لەکارەکەی, بەڵام ئەوە خەسڵەتی هەموو کارێکی ئەدەبییە، چ جای ئەوەی کە کارەکە خۆی لەبواری فۆلکلۆرییدا بدۆزێتەوە, چونکە ئەو کارانە پێویستییان بە گەڕان و ماندوو بوون و شەونخونی هەیە, نەک وەکو کارێکی مەکتەبیی بتوانی بەتەنیا و لە ماڵ و شوێنی تایبەتی خۆت ئەنجامی بدەیت, بۆیە دووبارە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکەم و هیوادارم کارەکانی داهاتووی گەورەتر و جوانتر و زانستیتر بن.

کەیفی ئەحمەد
دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
٢٠١٧/١/٢٨
کۆیە

## وتەیەک

پەندی پێشینان ناسنامەی نەتەوەیە، چونکە هەموو گەلانی سەر زەوی خاوەنی پەندی تایبەت بەخۆیانن، کە گوزارشتە لە کولتوور و داب و نەریتی ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون، هەروەها پەیوەستە بە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابردوو، پەندەکان بەگوێرەی هەڵکەوتەی سروشتی ناوچەکان دروستبوونە.

پەندە کوردییەکان، لە چەند وشەیەکی بەسەریەکەوە پێکهاتوون، گشتیان بەیەکەوە دەبنە ڕستەیەکی واتاداری پڕمانا، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پێشوو، بوونە بە ئامۆژگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەموو پەندێکی کوردی چیرۆکێکی واتاداری لە پشتەوە هەیە، کە دەچێتە خانەی فۆلکلۆرەوە.

پەند، بەشێکە لە مەعریفە و زانیاری تاک، دەرخەری کولتوور و نەریت و پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕابردووە، دەستنیشانکردنی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری تاکەکانی ڕابردووە، دەتوانرێت بکرێن بە بنەما و بناغەی ژیانی کۆمەڵگەی ئێستا و داهاتوو.

پەندی کوردی بەشێوەی زارەکی لە کەسە تەمەن هەڵکشاوەکانەوە بۆ ڕۆڵە و نەوەکانیان گێردراونەوە, لەوێوە

هـاتونەتە نێـو هـزری کەسـە تـازە پێگەیشـتوو و کەم ئەزموونەکان، بەهۆی گرنگی پەندەکان بۆ ژیانی ڕۆژانەیان و سـوود لێوەرگرتنیـان، بـۆ ئەوەی هەمـان هەڵەی ڕابـردوو دووبـارە نەکەنەوە، ڕاسـتەوخۆ لە هزریانـدا چەسـپاوە.. هەندێجار بۆ گەرمکردنی مەجلیس و دیوەخانی دێهاتەکانی کوردستان گـوتراون، کـاتێ ژمـارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەو مەجلیسانە ئامادە دەبوون، پەندێکی کوردی پەیوەندیدار بە بـابەتی قسـەکان گـوتراوە و بابەتەکەیـان پـێ دەوڵەمەنـدتر کردووە، بەم شێوەیە پەندەکان زیاتر بڵاوبوونەتەوە.

مێژوو و ڕەگوڕیشەی پەندەکان نادیارن. هیچ سـەرەتایەکی دیاریکراو لەبارەیانەوە نازانرێ, بەڵام لە ئێستادا وردە خەڵکـی خەمخـۆری ئەو بـوارە شـیکردنەوە و شـرۆڤە بـۆ پەنـدەکان دەکەن، تـاڕادەیەک سەرگوزەشـتە و چیرۆکـی پەندەکانیش ڕوونکراوەتەوە.

تـا سـەردەمانێکی زۆر، پەنـدەکان لەسـەر زاری خەڵـکەوە دەگـوازرانەوە، ئەم زار و ئەو زاری دەکـرد. لەمێـژووی ئەدەبیاتی کوردیدا کتێبی (قسـەی پێشینان)ی (ئیسـماعیل حەقـی شـاوەیس) بە یەکەمـین کتێبـی نووسـراو لەبـارەی پەنـدی کـوردییەوە دادەنرێـت، لە دواتریشـدا (پیرەمێـرد، شـێخ محەمـەدی خـاڵ، کەریـم شـارەزا) پەنـدەکانیان لە

زمانی گێڕانەوەوە، گواستەوە بۆ زمانی نووسراو و مێژوویکی گرنگی ئەدەبیاتی کوردییان تۆمارکرد.

ژمارەیەک پەندی هاوشێوە لەنێو گەل و نەتەوە جیاوازەکان بوونیان هەیە، بەشێوەیەک زۆر لەیەکتری نزیک و هاومانان، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، کە پەندەکان پەڕاگەندەی ئەو میللەت و ئەم میللەت بوون، بەڵکو لەیەکچوونی ژینگە و بیرکردنەوەیان هاوشێوە بووە, ئەوەش بۆتە هۆکاری دروستبوونی ئەو نزیکی و هاوشێوەییە.

پەندی کوردی و قسەی نەستەق، لەیەکدی جیاوازن، هەموو پەندێکی پێشینان قسەی نەستەقە، بەڵام هەموو قسەیەکی نەستەق پەندی پێشینان نییە. لێرەدا هەوڵمانداوە تەنیا پەندی کوردی بنووسینەوە، خۆمان لە قسەی نەستەق و ئیدیۆم بە دوورگرتووە.. ئەم پەندانەی لەبەردەستتدایە، بەرهەمی ساڵانی ڕابردووە، کە خەریکی کۆکردنەوە و نووسینەوەیانم. لەهەر کوێیەک، گوێبیستی پەندێک بووبم، یا لە شوێنێک پەندێک نووسرابێ، دەستبەجێ یاداشتم کردووە. هاوکات، ژمارەیەکی دیم لە دەمی کەسانی بە ئەزموونی ژیان و بە تەمەنداچوو وەرگیراون.

پەنـــدەکانی نێـــو ئەم کتێـــبە، (دڵـــۆپێکە لە دەریـــایەک)، (مشتێکە لە خەرمانێک)، چونکە بەهەزاران و دەیان هەزار، پەنـــدی کوردیمـــان هەیە، بەڵام تـــاکوو ئێســـتا نەتـــوانراوە هەموویـــان لەدووتـــوێی کتێبێکـــدا کـــۆبکرێنەوە. جیـــا لەو پەنـدانەی کە زۆر بـڵاون و زۆریـنەی خەڵکی گوێبیسـتیان بـووە، هەزاران پەنـدی دیـکەی ناوچەییمـان هەیە، کە لە چوارچێوەی دەڤەر و ناوچەکە دەرنەچۆتن, گشتیان پڕن لە ماریفەت و زانیـاری، لەکاتی بیستنیان دووردەکەویتەوە لە هەڵە و کردەی نەرێنی..

چوار جۆر پەندی کورد بوونی هەیە، کە ئەمانەن، (پەنـدی ڕستەی سادەی واتـادار، پەنـدی ڕستەی لێکدراو، پەنـدی دێڕە شیعری، پەندی سێ دێڕە شیعری). ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە, بەشی یەکەم (چوار سەد و نەوەد و پێنج) پەندی ڕستەی واتادارە. بەشی دووەمیش (حەفتا و پێنج) پەنـدی دێـڕە شـیعریی لەخـۆ گرتـووە, هیواخـوازم گشـت خوێنەر و لێکۆڵەرێک سوودیان لێوەربگرێت.

زامدار ئەحمەد

بەفرانباری ٢٠١٧